www.kurdistannet.org
16-7-2007 21:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کچە کوردێک لە چیرۆکێکی راستەقینەدا!! ... تاڤگە سابیر

کۆمەڵگای کوردەواری لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکە بە دەست دواکەوتن و ئایدیۆلۆژیای سەدەکانی ناوەڕاست دەناڵێنی و، هەرچی گیانی ئینسانیانە لێی داشۆراوە بۆیە گوێبیستی چیرۆکی سەیروسەمەرە ئەبین لەم سەردەمەی عەولەمە و کەشفکردنی گەردوون و، مندالّی ناو شوشە و سەردەمێك کە جیهان بۆتەوە گوندێکی بچوك بە هۆی کاریگەری زانست و تەکنۆلۆژیا، زیاتریش سەیر لەوەدایە کە چیرۆکەکە لە کوردستان نیە، بەڵکو لە وڵاتێکە ئەم وڵاتە یاساکانی هەمووی لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ ئازادیەکانی مرۆڤ داڕێژراوەو، بە کردەوەش کاری پێدەکرێ.



مرۆڤی کورد بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی، بە دەست دابونەریتە کۆنینەکان و کاریگەرییە ژەنگاوییەکانی دین دەناڵێنێ، ئەوەتا ئەم کاریگەریانە وای لە پیاوێکی کوردی دانیشتووی سوێد کردووە کە هەموو شتێکی تیا بێت تەنیا ئینسانیەت نەبێ، وای لێکردووە جگەرگۆشەکەی خۆی لێ ببێتە دوژمنێکی سەرسەخت و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و لێدان ئیهانەکردن کچی خۆی زەلیل و داڕزاندۆتەوە... کەلتوری زەمەنی شمشێر و دڕندە خاوەن کەنیزەکان و، سەردەمەکانی (فتوحات) مێکی ئەم پیاوەی وا داگیرکردووە کە نێر بە هەموو شتێك بزانێت و، هەرچی مانای ئینسانیەتیشە بە مێ راوا نابینێت! جا ئەگەر کچی خۆیشی بێت، کچەکانی دەئاخنێتە زیندانی ماڵەوەو، بە شەرەفی خۆیان دەزانێ، لە هەمان کاتیشدا کوڕکانی هاندەدا زۆرتین کاری سێکس لەگەڵ کچی خەڵك بکەن... چیرۆکی ئەم کچە کوردە چیرۆکێکی راستەقینەیە و بە رەزامەندی خۆی ئەنوسم و دەقاودەق ناوەڕۆکی قسەکانی عەرز ئەکەم:

ئەم کچە تەمەنی نۆزدە ساڵە باوکی بەردەوام بە لێدان و جنێو مامەلەی لەگەڵ کردووە، جگە لەم کچە لەگەڵ دایکی واتا هاوسەری خۆی و کچەکانیتریش بەم شێوە دڕندانەیە رەفتاریان لەگەڵ دەکا رۆژێك هەر لەناکاو بە خوشکەگەورەکەی ئەم کچە دەڵێ تۆم بە شوو داوە... لێرەوە قسەی کچەکەیە: هەموومان پێمان سەیربوو چۆن باوکم لە وڵاتێکی وەك سوید دەژی و بەم عەقڵە عەشایەریە مامەڵەمان لەگەڵ دەکا.. پاشان کە خوشکم ووتی باوکە منت داوە بە کێ ووتی سەفەری کوردستان بکە بڕۆ هاوسەرەکەت ببینە ئامۆزای خۆتە خوشکم ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو تووشی سەرسوڕمان و شۆك بوو بەڵام نەشیتوانی بەرەنگاری ئەم بڕیارە زاڵمانەی باوکم بێتەوەو بە ناچاری قبوڵی کرد!!!

شەوێکیان ئەوەندەی لێدام و ئەوەندەی ئازاردام هەموو گیانم شین مۆر هەڵگەڕا هەموو شوێنێکی جەستەم بووبە برین ئۆقرەم لێبڕا لە ناخی خۆمەوە جۆرێك لە گیانی یاخیبوون سەری هەڵدا بۆیە بڕیارمدا کە هەر ئەم شەوە رابکەم و بە یەکجاری لەدەست ئەم باوکە وەحشییە رزگارم بێت.. نەخەوتم تا درەگانی شەو تاکو نزیکەی کاتژمێر 3:30دوای نیوە شەو، ئینجا دەرفەتێکم وەرگرت و لە ماڵەوە هاتمە دەرەوەو، هاوارم کرد بۆ پۆلیس پۆلیسەکان کە منیان بینی زۆر پەشۆکان، هەر خێرا منیان گەیاندە نەخۆشخانە تا ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە مامەوە، تاکو بە تەواوی چاکبوومەوە... ئەم ماوەیە هەر لەژێر چاودێری پۆلیسدابووم چونکە هەموو شتێکم دەربارەی باوکم زوڵم و زۆرداری باوکم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەگەڵ من و خوشکەکانم و لەگەڵ دایکم بۆ باس کردبوون بۆیە پۆلیس لەو قەناعەتەدابوون کە من ژیانم لە خەتەردایە و 24سعات پێویستم بە پاسەوانی کردنی پۆلیس هەیە... بەهەرحاڵ پۆلیس بردمیانبۆشوێنێکی چۆڵ و دوور لە هەموو کۆمەڵگا، دیاربوو ئەم شوێنە شوێنێکی تایبەتی ئەمنی بوو، پاش چەند رۆژێك ئاگاداریان کردم کە باشترین شت و باشترین ئیجرائات بۆ پاراستنی گیانم ئەوەیە نەشتەرگەریم بۆ بکەن (نەشتەرگەری جوانکاری) بۆ ئەوەی کەس نەمناسێتەوە، منیش ئەم پێشنیارەم قبوڵکرد، پاش ئەوە منیان برد بۆ نەشتەرگەرییکە کە نزیکەی زیاتر لە بیست کاتژمێر لە هۆڵی نەشتەرگەری بووم تاکو تەواو بوو.... ئێستا زۆر جار بە تەلەفۆن حەز دەکەم لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم قسە بکەم هەروەها حەز دەکەم بەردەوام لێیان نزیم بم و ئاگام لە موعاناتیەکانیان بێت بە دەست ئەم باوکەمەوە!!

خوێنەری بەڕێز من هیچیتر ناڵێم و بۆ ئێوەی بە جێدێڵم بۆ ئەوەی بزانن دواکەوتن چ جۆرە وەحشیگەرییێکە؟!!!

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.